# له یادی ڤالانتینا دا......!



ســــــا ردین ـ ســو یـد

رۆژی 《 14/2 》 ی هەموو ساڵێك رۆژێكی هێمای خۆشەویستیە لە نێو ان مرۆڤە هەستیارەكاندا كە سونبلی دڵ وسیمای دڵداری پێوە دیارە چونكە رۆژێكی تایبە تمەندو هێمای نزیك بوونەوەی خۆشەویستی مرۆڤەكانە. هەر لەو سات و ئانەدا بیری ئەو كەسانە دەكەین كەوا خۆشمان دەوێت ، هەر خۆشەویستیەكیش بەشێوەێكی جیاواز رێزو تایبە تمەندی خۆی هەیە هەر وەها بەنزیك بوونەوەی زیاتر لەنێوان دوو دڵداردا و هەست دەربڕین بەرامبەر بەیەكتر لەم رۆژە پیرۆزەدا بەمانای دیارییەك بەگوڵێكی سوور جوانترین هێمای بەخشندەو خۆشەویستیە ، یاخود هەر دیارییەك وێنەی دڵی تێدا بێت ، ڤالانتینا هەموو جۆرە خۆشەویستیەك لە خۆی ئەنوێنێ .

لەساڵی ( 1400 ) ی زاینیدا ڤالانتینا لە ئینگلتەرا لەو رۆژەدا دەست نیشانكردنی دڵداری نێوان دوو مرۆڤـ بووە .

لە مێژووی ئەو رۆژەدا هەر لە ئینگلتەرا ئەمیر چارلس لە ساڵی ( 1415 ) دا كە بەند بوو لە بەندینخانەیەكی لەندەنەوە هۆنراوەیەكی دڵداری بۆ هاوسەرەكەی ناردووە كە بریتی بووە لە هەست و سۆزی خۆی دەر بڕیوە لەم رۆژە پیرۆزەدا .

هەر وەها لە ئەمریكادا ڤالانتینا جەژنێكی گەورەیە وەكو جەژنەكانی تر رێزی لێ دەگرن .

ئەمڕۆ لە زۆربەی زۆری ولآتانی جیهاندا رۆژێكی گەلێك پیرۆزە .

ڤالانتینا ئەو رۆژە نیە كەوا ئێستا بەو خۆشی و رومانسی یەوە یادی ئەكرێتەوە ، بە پێچەوانەوە ...! لە مێژووی كۆنی رۆمادا قەشەیەكی گەنج مارەی كچێكی بە نهێنی

بڕییوو ئەویش لەساڵی ( 269 ) زاینی دا نەیتوانیوە خۆشەویستیەکەی بەئاشکرا دەر ببڕێ ، لەبەر ئەوەی قەیسەری رۆمای ئەوکاتە پێکەوە ژیانی خێزانی گەنجی قەدەغە کردبوو ، بەلاّم کاتێك کە ئاشکرا بوو قەشەکە بەند کراو لەسێدارە درا بەسەربڕین .

بەلاّم پێش ئەوەی قەشەکە لە سێدارە بدرێ بەنهێنی توانی کارتێك پڕ لەمانای خۆشەویستی بنوسی و رەوانەی کچی ئەو پاسەوانەی بکا کە پاسەوانێتی ی ئەکرد ، لە ئیمزاکەی نووسرابوو ـ لە ڤالانتینەی تۆوە ـ .

جگە لەم باسەی سەرەوە ، تەنانەت جۆرە باڵندەیەکیش هەیە کە لەو رۆژەدا ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن .

لەزۆربەی زۆری وڵاتانی جیهاندا هەر یەکەو بەجۆرێك یادی دەکاتەوە ـ بۆ نموونە : ئینگلیزەکان بەبلاّوکردنەوەی ریکلامی بچووك ئاگاداری یەکتر دەکەنەوە بە ووشەی جوان و ناسك ناخی خۆیان بۆ یەکتری دەر ئبڕن لە رێگای رۆژنامەکانەوە.

لە ئیتالیاش کەرنەڤاڵێکی گەورە سازدەکرێت لە شاری ( ڤینەدیك ) ـ پایتەختی خۆشەویستی .

لەیابانیش بە شکولاّتی سپی کوڕەکان خۆشەویستی خۆیان دەرئەبڕن بۆ کچەکان .

لە سویدیش زۆر کۆن نیە بەڵکو لەسالاّنی پەنجاکانەوە یادی ئەم رۆژە پیرۆزە دەکەنەوە بە گوڵی سوور و کارتی جوان و هەست دەربڕین بۆ هەموو جۆرە خۆشەویستییەك بە شێوەی جیاواز بۆ یەکتر ، ئەم رۆژەش پێ ی دەڵێن ( رۆژی هەموو دلاّن ) .

ئەی باشە..

لەکۆمەڵگای ئێمەدا چۆن و بەچ جۆرێك یادی ئەم رۆژە پیرۆزە دەکەنەوە ...؟!

تکایە وەلاّم ...

Sardeen1997@hotmail.com